# هاوڕێکەم ئەمڕۆ لەیادی کوشتنەکەت دەنوسم و گۆرانی ژیانت بۆ دەلێم

(سالار حەمە سوور باسیرە)



شـەهید فەرەیدون عبـدالقادر بـرازای حـاجی مـەکی عبدللـەی ئەکتـەر لەتەمەنی 22 سالیدا بەتۆمەتی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ وە و تەقە کردنی لـە پارێـزگاری سلێمانی ، دوای ئەشـکەنجە و ئـازاردانی لەلایـەن ڕژێمی بەعسەوە لە هەیئەی خاسەی کەرکوکەوە برا بۆ بەندیخانەی موسل و لێرە لە بەرواری 1977/5/1 فەرمانی کوشتنی بەگوللەباران درا و لەڕێگای موسل بەرامبەر بەبورجەکەی ئیستگەی موسل لەشوێنێکدا لەگەل چەند تێکۆشەرێکی تری شـەهیددا دوور لەخۆشەویستی و بایـەخی کەس و کارخرانە ژێر گلەوە . باوکی شەهید شەست دینار نرخی ئەو فیشەکانەشی دا کە دلی کوڕەکەی خۆیان پێ بڕی . دوای شەهید کردنەکەیشی کەس و کاری خرانە ژێر چاودێریەوە و دایك و باوکی گیران و هێلی تەلەفۆنیشیان لێ بڕین . دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس حکومەتی هەرێمی سلێمانی شـەهید فەرەیدونی لەگەل 35 شـەهیدی تردا لـە 2003/6/16 هێنایەوە بۆ سلێمانی و لەگردەکەی شێخ فەتاح ئەم کۆمەلـە تێکۆشـەرە لەباوەشـی نیشـتماندا ئەمجارەیان بەخۆشەویستی و بەهەنسك و فرمێسکەوە لەنوێ وە بەخاك سپێردران .



**Faraidun Abdulkader**
**1975-Sulaimania**

## هاورێکەم ئێستاش چەند وشەیەك بۆ تۆ

ژیانێکی کورت ژیایت بەلام ئازارێکی دورودرێژت بۆ جیهێشتین. ئەو کاتەی من رێگای دورە ولاتم گرتە بەر بەهیوای دوبارە دیداری یەکتر بووین، بەلام نەمزانی کەئەوە دوا مال ئاوایمان بوو لەیەکتر. تەنیا فریای یەك نامە کەوتین بۆ یەکتری بنوسین. نەمزانی کەهەروا زوو رەشەبایەکی مردن هەلی کردو تۆی لەگەل خۆیدا برد. لەبەر چاومە کەمردن هیچ کات ئەوەندە نزیك نەبوو لێت وەك ئەو رۆژەی کەجەلادەکان خوێنی تۆیان بەغەدر رشت. ماوەیەك بوو خەوم بەجەلادێکەوە دەبینی بەلام نەمزانی کەبۆ ئەوە بوو تۆمان لێ بسێنێت. ئیتر لەو ساتەوە ئەوە بۆتە خەوێکی ناخۆش و لێم نابێتەوە.

**هاورێکەم**: دەزانیت کە فاشیستەکان کەس و کاری منیشیان لە ولاتی دێرینی خۆیان بۆ ژیانی مەنفا دەربەدەرکرد و ئەمرۆکە هەریەکەمان لەکەناری ولاتێکی جودا لەیەکتر گیرساوینەتەوە و پرۆسەی پێکە ژیان و گەورە بونمان وێران بوو. دایکم لە شاری مەهابادی چوارچرا بەتراژیدیایەکی دل تەزێن مال ئاوایی لێ کردین وهەر لەوێش بەخاك سپێردرا و من دوازدە سال بوو نەمدیبوو. باوکیشم کەبەبەندی دەرکرا، بەلام بەئازادی گەرایەوە و ئەمسال لە نیشتمانی دایك بەخاك سپێردرا. بەلێ هەر مرۆڤ وهەر خێزانێك خاوەنی چیرۆکێکی تایبەتی ژیان و مردنی

خۆیەتی . هاوڕێکەم : دەك هەزاران نەفرەت لەو ڕۆژەی کە مرۆڤ خۆشەویستێکی لەکیس دەچێت . هەزاران نەفرەت لەو ساتەی پەنجەی ناجوامێرانەی نامەردێك دەچێتە سەر پەلەپیتکەی ڕق و کینەی تفەنگ و دەستی دەچێتە ژەهری ڕق و کینەی ڕەشی بۆگەنی ناحەزان و لاشەی ڕۆڵەیەکی بەوەفای گەل دەبڕێ و بەناکامی دەیخاتە ژێر گڵ و دلی تۆیشی بۆ هەتا هەتایە لەلێدان خست و ڕوناکیەکی لەشەوێکی تاریکدا وون کرد . هەزاران هەزار نەفرەت لەو ساتەی کە هەوالی مالئاوایی بەزۆری تۆم تێدا بیست . ڕۆژی هەوالی ئیعدام کردنەکەت بوە ڕۆژێکی تەماوی بۆم کەتەوژمی غەم دەرونی دەکولاندم و فرمێسکەکانم زەویان دەبڕی و بروسکەی پڕ لەژان تاساندبوومی . دیتم کە وەرزی خێزان نەبوو کەچی گەلاکان زەرد هەلگەڕابوون .

هاوڕێکەم : ئەوە ئەو تفەنگە نەبوو کەتۆی کوشت ، بەلکو ئەوانە بوون کەفەرمانی کوشتنی تۆیان دا . تۆ هەر بەتەنیا هاوڕێی قوتابخانەو لاویێتیم نەبویت ، تۆ منت فێری وێنەکێشی کرد و بیستم کەلەسەر دیواری بەندیخانەی لەسێدارەدانی موسل وێنەت کێشاوە و لەناویاندا دیاری منیشی تێدا بوە . هاوڕێکەم کێ دەلێت تۆ مردویت؟ ئەوەتا شوێن و بیرەوەریەکانت دیارە ، زەردەخەنە و خوڕەوشتی بەرزت و سیفاتە جوان و ئازایەتی و مرۆڤ دۆست و ڕاستگۆیت و خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمانت هەمیشە دیارە ، و هەر بۆیە خۆشیشم ویستیت . بەلام داخەکەم کە گولی ژیانت زوو هەلوەری و فاشیستەکان نەیانهێشت گەشە بکەیت و بەرهەمەکانت بخەیتە ڕوو . بەلام هاوڕێکەم دەمەوێت پێت بلێم کەدریغیم نەکردوە بۆ تۆلە سەندنەوەت ، ئەوەندەی توانیبێتم بەقەلەم و تێکۆشانی سیاسیمەوە ، بەچەکی دادپەروەری و خۆشەویستیەوە تێکۆشاوم . لەکوشتنی خۆشەویستانێکی وەك تۆوە بڕیارم دا کەدژ بەزەبروزەنگی گیانی و ڕۆحی بم ، فەلسەفەی ژیانم هی خۆشەویستی و ئاشتی بێت . لەو شوێنەی کەخۆشەویستی دەست پێدەکات پێت دەلێم کەلەو شوێنە زەبروزەنگ کۆتایی دێت و مرۆڤ دروست نەبوە بۆ ئەوەی کە بکوژرێت ئەی گولالە سورەی هەلوەرێنراو .

کەبۆ یەکەم جار لەدوای 18 سال لەژیانی ئاوارەیمەوە گەڕامەوە نیشتمان ویستم دایکت ببینم ، بەلام لەداخی تۆ سەری نایەوە و دەبوایە ڕووم بکردایەتە گۆڕستان بۆلای . لەگەڕانەوەی دوەمدا بینیم کەدەرگای مالەکەتان بەقفلێکی گەورە داخرابوو هەر وەك فیلمێکی ترسناك هاتە بەرچاوم . کەبیستم ئەمجارەیان باوکت مال ئاوایی کردوە و لەگەڕانەوەی سێیەمدا برا خۆشەویستەکەت کە شێوەی تۆی تێدا بوو بۆ من ئەویش لەتەمەنێکی لاویدا مال ئاوایی کردبوو . لەگەڕانەوەی ئەمجارەمدا دێمەوە سەر گۆڕەکەت ، هەرچەند دلت لەشوێنێکی تر نێژرا و ئێسك و پروسکەکەت هێنرایەوە ، بەلام بۆ من بیرەوەریەکانت هەرگیز زیندوون . لەیادتە کە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش چەندە دلخۆش بوین بە دروست بوونەوەی بزوتنەوەی نوێ و پەیمانمان بەیەکتردا هەرگیز لەبەرەی دادپەروەری و تێکۆشان لانەدەین .

## هەموو تاریکایی جیهان ڕوناکی مۆمێك ناکوژێنێتەوە

هاوڕێکەم : وام دەزانی کەئیتر فرمێسکم نەماوە بیڕێژم ، بەلام لەکاتی نوسینی ووشەکانم بۆت دیتم کە وانیە . هاوڕێکەم : لەدوا وشەمدا پێت دەلێم من بەپێچەوانەی جەلادەکان گۆرانی ژیانت بۆ دەلێم و بزانە کە ڕۆژانی

ژیان وەك دارێکە لەپایزدا کەتێکڕای گەلاکان دەوەرێنێ . جاهەندێکیان گەلای شادی یە ، هەندێکیش غەم باریە . هەندێك جوانی یەو هەندێك لاوی یە ، هە ندێکیشیان گەلای دوا تەمەنی یەك جاری یە . تۆ زوتر ڕۆیشتیت و ئێمەش بەرەو کاروانی مردن دێین و دواتر خۆشەویستانێکی تر یادمان دەکەنەوە بەلام گرنگ سەربەرزیە ، خۆشەویستی و بەوەفایی و لێبوردنە . تۆ پەپولەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی جوان بویت کەلەدوا ساتی ژیانتا بەدەوری مۆمێکدا لەژورێکی تاریك سەمات دەکرد ، بەلام کوتوپڕ خۆت کێشا بەگڕی مۆمەکەدا و سوتایت ، بەلام بزانە کە تۆ خۆت دواتر بویتە گڕی جوانیی ئەو مۆمە کە هەرگیز هەموو تاریکایی ئەم جیهانە ناتوانن بتکوژێننەوە . دوبارە بەخێر هاتیتەوە بۆ باوەشی نیشتمانی دایك و هەتا دیداری ئایندەمان و ئەمجارەیان بەچەپکێك گولی خۆشەویستی و شانازیەوە ئەی هاوڕێ خۆشەویستەکەم .

**هاوڕێی هەمیشەت : سالار حەمە سوور باسیرە**